# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

## ژمارە 7

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR
www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
23ی کانوونی یەکەمی 2007

## مانگرتنی پەنابەران لە زوریخ سەرکەوتوانە کۆتای پێهات، چاوەڕوانی ژمارەی ئایندەی هەفتەنامەی فیدراسیۆن بن کەتاییەت دەبێت بەم مانگرتنەوە !



**چاوەپێکەوتنێکی هەفتەنامەی فیدراسیون لەگەڵ ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەسویسرا .**

**هەفتەنامەی فیدراسیۆن** / ئیوە وەک فیدراسیون لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردودا بەهاوکاری ژمارەیەک لە حزب و ڕێکخراوە سویسری وپەنابەریەکان توانیتان مارشێکی زۆر سەرکەتوو رابەری بکەن کە هەزاران کەس تیدا بەشداری کرد ئایا ئەم خۆپیشاندا چ کاریگەریەکی هەبوو لە ئاست کۆمەڵگای سویسراو ڕوو بە کاربەدەسانی حکومی

D..... بۆ لایەرە 2



مانگرتنی پەنابەران لەزوریخ

## وەڵام بە پرسیارەکانتان !

بەڕێزێک نامەیەکی ئاڕاستەکردوین لەپاڵ هەست و سۆزی دلسۆزانەی خۆی بۆ کارو هەڵسوڕانی فیدراسیۆن هەروەها پرسیارێکیشی ئاراستەکردوین، بەگرنگمان زانی بە شێک لەونامەیە لەگەل وەلامی ئێمە لەم هەفتەنامەی فیدراسیوندا بلاوبکەینەوە چونکە بەدڵنیای دەکرێ ئەمە پرسیار دەیان کەسی تریش بیت. هاوکات لەپاڵ وەلامدانەوە بەو پرسیارەدا هەموو پەنابەران دڵنیا دەکەینەوە کە هەرپرسیارو گیروگرفتێکیان هەبێت سکرتاریەتی فیدراسیۆن ئامادەی وەلام پیدانەوەیانە. هەرلەمبارەوە هەوڵدەدەین کەستوونیک لە بلاوکراوەکەتان و گۆشەیەک لەسایتی فیدراسیون بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەین ! لیرەدا بەشێک لەنامەکەی بەڕێز ( س ، ج ) دەخەینە ڕوو وەک یەکەمین بابەتی ئەم گۆشەیە کەیەم جۆرەیە . ( ...بەڕێزان من کەسێکم لەم ماوەدا لە سایتەکاندا جریدەکەی ئێوەم بینیوەو پێشتر هەندێک شتم لەسەر بیستبون بەلام ئیستە خۆشم دەبینم کە چی دەکەن لەم وولاتانەدا... زۆر بیرم لەوە کردوەتەوە کە تەنیا لایەنێک لە کوردا کە دیفاع لە مافەکانی ئێمە دەکا ئەم فیدراسیونەیە کە ئەمە زۆر جیگەی خۆشحالیە بۆ کورد کە خەلکانی وەک ئێوەی تیدایە... ئەم پرسیارەشم هەیەلیتان خۆزگە کاتتان دەبوو وەلامتان پیدەدامەوە

D..... بۆ لایەرە 4

**سەردانی ماڵ پەڕی فیدراسیۆن بکەن : www.federasion.org**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**دریژەی چاوپێکەوتنی هەفتەنامە ...**

**ئەحمەد عەلی** : پێش هەموو شتێ ئەبێ ئەوە بلێم ئێمە لەمارشی 11/17 لە شاری زوریخی سویسرا هەزاران کەس هاوارمان کردو ووتمان ( بلۆخەر دەبێ بڕواو ئێمە دەمێنینەوە) ئەمە ئەو دەنگە بوو کە شاری زوریخی هێنایە جۆشوخرۆش. ئێستا بەتەواوی مانگێک بەسەر ئەو مارشەدا تێپەڕیوەو بلۆخەر رۆیی، ئەگەرچی حزبی گەل حزبەکەی بلۆخەر دەنگی هێنا بەلام بلۆخەر دەنگ پینەدراو پاشەکشەی پێکرا، تەنیا ئەمە ئومێدێکی گەورەیە بۆ پاشەکشە پێکردنی سەراپای نەخشەکەی بلۆخەر وحزبەکەی. دەرنەچوونی بلۆخە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو . باسی جدی کۆمەلگەی سویسری بوو ، ئەمە سەرەتای شکستی باڵی راستە لە سویسرا، ئەمە سەرەتای کەوتنی راسیزمە لە سویسرا. بەرەیەکی فراوان و بەهێز لە دژی راسیزم لە مەیداندایە، هێرشی حزبی گەل بەجۆرێک بوو ئەم دەورەیە تەنانەت وەزیری دەرەوەی سویسرا دەیوت ( حزبی گەل بلۆخەر ئینسانەتیان لە سویسریایانەهیشتەوە، ئیتر ئیدیعا کانی ئێمە پوچن لەسەر مافی مرۆڤ) راستیەکەی ئەوەی قەت وەکو ئیستا پەنابەر لەم ولاتەیا هێرشی نەکراوەتەسەر، قەت وەک ئیستا خەلکی سویسرا و پەنابەر بەگژ یەکا نەکراونەتەوە، قەت وەک ئێستا راسیزم باڵادەست وکاریگەر نەبووە. بەو مانایە یەکەمین جار بەم شێوە هێرشی توند بکرێتە سەر پەنابەر. بۆ جاریکی تر هاتینەوە مەیدان ، سەرەتای ئەم هێرشە تازەیە لەو کاتەوە دەستی پێکرد، هەربۆیە ئێمەش بۆ وەلامدانەوە بەم هێرشە کەمپەینمان دەستپێکرد، لەگەلْ رێکخراوولایەنە سویسریەکان کۆبووینەوە لەگەل پەنابەرانی کوردی عیراقی کەوتینە خۆکۆکردنەوە، هەولماندا لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە دەنگمان بە خەلک بگات، دواتریش لە 9 / 11 یەکەمین خۆپیشاندانی گەورەو فراوانمان بەرێخست بۆ بەردەم وەزارتی کاروباری پەنابەری، لەگەل وەزارەت 2 جار کۆبووینەوەو زۆر کاریتریش، ئێستا دەلێم ئەگەر شکست و پاشەکشەی بلۆخەر بەرەیەکی لە پشتەوە بوو، ئەوا مارشەکەی ئێمەش ، کارو هەلسورانی ئێمەش، بوونی ئێمەش لەم بەرەیە کاریگەری بوو، بەلام کۆتایی بلۆخەر کۆتای هێرشەکان نیە هێشتا، کۆتای راسیزم نیە هێشتا، کۆتایی پرۆژەکانی حزبی گەل نیە هێشتا، بریارە لەم ماوەدا وەزارت وەلامی رەسمی بە ئیمە بداتەوە، لەویوە دەتوانین کاریگەری کارکانی خۆمان ببینین. من پێموایە ئەم بزوتنەوە کاریگەری جدی هەیە لەسەر کۆمەلگای سویسری و حکومەتیش بەجۆریک ناچار بەپاشەکشە دەکات .

**هەفتەنامەی فیدراسیۆن** / وەک لە دواین راگەیاندنتاندا بەدی دەکریت ئێستە لە هەولێ رێکخستنی مانگرتنێکی چەند رۆژەدا لەبەردەم... ئایا پیشوازی پەنابەران و حزب ولایەنەکان چۆن بووە لە جولانەوەیەو پیتان وایە ئەم هەنگاوە تان چ کاریگەیەکی هەبێ لەسەر سیاسەت وبریارەکانی حکومەتی سویسرا ...؟

**ئەحمەد عەلی** : من پێموایە ئەم حەرەکەتە زۆر تایبەتەو کارێکی گەورەو جدیە، ئەم مانگرتنە نیشاندانی هێزو بەرەیەکی هاوبەشە، ئەگەر لایەنێکی ئەم مانگرتنە نارەزایەتی بێ بەدژی سیاسەتی پەنابەری ئەم ولاتە ئەوا لایەنێکی تری دۆستایەتی وپشتیوانی خەلکی سویسرایە لەپەنابەر، ئەگەر حکومەتی سویسرا لە دژی پەنابەر دەوەستێتەوە ، ئەوا خەلکی سویسرا لەپشتی ئایندەیەکی باش وداخوازی و دواکاریەکانی پەنابەرانەوە دەوەستێ . ئەم جۆرە حەرەکەتە دەگەمەنن و لە ئیستاشا بە تایبەت زۆر زەحمەت نیە رای خەلکی سویسرا بەقازانجی پەنابەران بینیتەمەیدان، من باوەرم وایە کە حکومەتی سویسراش ناتوانێ تا سەر سووربێ لەسە بریارەکانی ئەگەر ئەم هێزو بەرەیە بەجدی بێنە مەیدان. ئەم حەرەکەتە اوا کاری ئێمە نابی و ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئەم هەلوێستەمان. پێشمان وایە لایەنی کەم لە ئێستادا توانایی ئەوەمان هەیە کە خۆمان زیاتر رێکخراو بکەین و بەهێزێکی گەورەترەوە بینە مەیدان . بەلام بۆ رێگە گرتنی یەکجاری لە چارەنوسێکی وەخشەتناک دەبێ گەورەترو کاریگەرتر بین، ئەم هەنگاوەی ئێمە دەولەتی سویسرا لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە هیرشەکانی رابگرێ. لەوەی کە پەنابەر لەم ولاتەیا تەنیا و بێپشتوپەنانیە لەوەی کە عەمەلی کردنەوەی نەخشتەکانی ئاسان نیە .

**سەرکەوتنمان لەگرەوی یەکگرتنی ڕیزەکانمان و هاتنەمەیدانمانەدایە !**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## لە كەنەداش ، فیدراسیۆن هەنگاوێکی سەرکەوتوانەی بەرەوپێشەوە هەلهێنایەوە !

فیدراسیونی پەنابەران لە كەنەدا بەشداری كۆنفرانسی سالانەی ریكخراوی Canadian council for refugees(CCR) كرد كە فیدراسیون ئەندامی چالاكی ئەم رێكخراوەیە بوو ، لەم كۆنفرانسەدا كە چوار رۆژی خایاند لە 2007/11/29 تاوەكو 2007/12/1 زیاتر لە 30 لیكۆلینەوە و سیمینارکرا . لەكۆی گشتیدا هەر هەموو باسەكان لە چوارچیوەی چۆنیەتی یارمەتی دانی پەنابەران وبەدەستهێنانی مافی زیاتر بۆ پەنابەران لە كەنداو دنیا ، دیارە پەنابەرانی عیراقی كەئیستا زیاتر لە پینج میلیون پەنابەرە ، زۆرترین باس و لیكۆلینەوەی لەسەربوو، سەرەتا MR. Jahanshah Assadi نوێنەری UNHCR لە كەنەدا لە دەست پێكردنی كۆنفرانسەكە ووتەیەكی پێشكەش كرد كەتیدا تەئكیدی لەسەر یارمەتی دانی پەنابەرانی عیراقی كردەوە هەروەها هەریەك لە نووێنەرانی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال وسەرۆكی رێكخراوی( CCR) قسەیان بۆ ئامادەبووان كرد هەر یەكە بەجۆرێك سوپاسی دەولەتی كەنەدا یانكرد بۆئەو بانگەوازەی كەبۆ خێراكردنی پرۆسەی عیراقیەكان لە دەزگاكانی پەیوەند بە هێنانی كەس وكاری ئەو عیراقیانەی نیشتەجێی وولاتی كەنەدان كەئیش وكاری سپانسۆریان بۆ كردوون . لەكۆتایدا هەموو بەیەك دەنگ بریاریكمان پەسەندكرد كە لە لایەن جەلال سەعید نوێنەری فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی و Glynis Williams هەلسوراێكی كەنەدیە لەناوچەی مۆنتریال وە ئیستا لەگەل UNHCR ی سوریا كار دەكات بۆ كاروباری پەنابەرانی عیراقی كە ئەمەش دەقەكەیەتی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە : - ئەو ژمارە زۆرە لە پەنابەرانی عیراقی كە روویان كردۆتە وولاتانی دراوسێ فشاری خراپی خستۆتە سەریان لە رووی ئابوری و ئاسایشەوە بە تایبەت سوریا وئوردن بۆیە ناتوان وەك پێویست یارمەتی پەنابەرانی عیراقی بدەن لەشێوەی جێگاو خەستەخانەو خوێندن وشتە زەرورەكان. - خۆ بەمەسئوول نەزانینی كۆمەلگەی نیودەولەتی وەك پێویست بەرانبەر وەزعی نا لەباری پەنابەری عیراقی لەو وولاتانە وە كۆمەك نەكردنی ئەو رێكخراوە ناوچەیانەی كە حازرن یارمەتی پەنابەری عیراقی دەدەن .

- هەروەها لەبەر ئەوەی لەكەنەدا زۆرێك لەو رێكخراوانە كە یارمەتی پەنابەر دەدەن لەگەل زۆرترین كۆمنتی عیراقی ئامادەیی خۆیان بۆ حكومەتی كەنەدا راگەیاندوە كە ئامادەیی



جەلال سعید

تەواویان هەیە بۆهەموو مەسئوولیەتێك بۆ پەنابەرانی عیراقی بەو هۆیانەی سەرەوە (CCR) دەنگ بەم بریارانەی خوارەوە دەدات كە فشار دەخاتە سەر حكومەتی كەنەدا كە ئەم خالانە جێ بەجێ بكات : 1- حكومەتی كەنەدا فشاربخاتە سەر ئەو وولاتانەی كە چیدی پەنابەری كوردی و عیراقی لە ژێر هەر بیانوێكدا دیپۆرت نەكاتەوە. 2-كۆمەكی مادی ومەعنەوی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ پەنابەرانی عیراقی لە وولاتانی سوریاو ئۆردن كە زۆرترین پەنابەر روو تێكردوون .3- داوای بە پەلە لە حكومەتی كەنەدا دەكەین كە سنوورەكانی خۆی بەتایبەت لەگەل ئەمریكادا بەرووی پەنابەرانی عیراقیدا بكاتەوە كەداوای پەنابەری دەكەن. 4- بەرزكردنەوەی وەرگرتنی ژمارەی پەنابەرانی عیراقی چ ئەوانەی كەلەرێگەی UNHCR دەدرێنە سەفارەتەكانی كەنەداو یان ئەوانەی راستەوخۆ لە رێگەی privet sponsorship دین بۆ كەنەدا كە لەسەر حیسابی پەنابەری وولاتانی تر نەبێ .5- ئاسان كردن و خێرا كردنی مەعامەلەی نیشتەجێكردنی پەنابەرانی عیراقی لەكەنەدا 6- بەرزكردنەوەی ئاستی ووشیاری خەلكی كەنەدی بۆ یارمەتی دانی پەنابەرانی عیراقی بەتایبەت لەرووی سپانسۆری تایبەتیەوە .7- دەبێت حكومەتی كەنەدی پرۆسەی موعامەلاتی پەنابەری عیراقی دوانەخا بەهۆی ئەو قەرارە تازەیەی كە وەزارەتی كۆچ وپەنابەری كەتێد داواكراوە پەلە بكرێت لە یەكگرتنەوەی خێزانی عیراقی، كەبەهۆی وەزعی تایبەتی عیراقە وە پەرتو بلاوبوون. 8- دەولەتی كەنەدی بەرپرسیاریەتی زیاتر لەخۆی نیشان بدات لە بەرامبەر UNHCRبۆ ئەوە پەنابەرە فەلەستینیانەی كەلەكەمپی نێوان سوریاوعیراق نیشتەجێن. 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3

جەلال سعید سكرتیری پەنابەرانی عیراقی لە كەنەدا 2007 .10.12

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**دریژەی وەلام بە پرسیارەکانتان** .....پرسیارەکەشم ئەوەیە کەمنیش زۆر حەزدەکەم کارێک بکەم بەلام نازانم چۆن وچی بکەم وچۆن بتوانم ئەو شتانەی کە ئێوە ئەیلێین وئەیکەن منیش بیکەم....؟ ). ( س ج )ی بەڕێز سوپاس بۆ نامەو پرسیارەکەتان، هەولٚ دەدەین زۆر بە کورتی چەند خالێک بخەینە ڕوو سەبارەت بە پرسیارەکەتان بەهیواین توانیبێتمان هاوکارتان بین. ڕۆشنە بۆ داکۆکیکردن لەماف وداواکاریەکانی خۆمان و بەشداریکردن لە بزوتنەوەیەکدا کەپەیوەندی بەژیان وچارەنووسی ملیونەها ئینسانەوەهەیە هەلقەی سەرەکی دەستبەکاربوون ریکخراووبون و یەکگرتنی ڕیزەکانمانە. کەئەمە ڕاستەوخۆ ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانمان کە لەنزیکترین کەسانی دەوروبەرمانەوە بکەوینە دیالوک و بەدواچوون لەسەر کێشەو گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەمان، لە چەشنی ڕەنجبردن لەچاوەڕوانی، مامەلٚەی ڕاسیستی حکومەت، مەترسی دیپۆرت کرنەوەو گەلیک کێشەی تر دەتوانن ببنە هەوێنی قسەو باسمان. کە دیارە هاوکات ڕاکێشانی هەفتەنامەی فیدراسیۆن و بلاوکردنەوەی بەناو پەنابەران لەشار شارۆچکەو کەمپەکاندا دەتوانیٚ کاریگەریەکی زۆری هەبێت لەپەیوەند وەڵامدانەوە بەکیشەکانمان ومەسەلەی ریٚکخراوبوون و نارەزایەتی دەربڕینمان. لەگەل هەلٚهێنانەوەی ئەم چەند هەنگاوەدا ئەوکاتە هەست دەکەین بەوەی کە ئێمە وەک گروپ ودەستەیەک لەدەوری یەک کۆبووینەتەوەو لەهەولٚی ئەنجامدان کارێکداین. ڕۆشنە ئەنجامدانی کارێکیش پێویستی بەنەخشەو ووردبوونەوەیەکی ووشیارانە هەیە کە لەمبارەوە پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆبە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە دەتوانیٚ دەورێکی گرنگی هەبیٚ بۆ وەرگرتنی ڕێنمای وداڕشتنی نەخشەیەک کە بتوانیٚ هەرچی زووتر دەنگی ئێمە بەم کۆمەلگایە بگەیەنێت. ئەوکاتە پاش هەندێک مشورەتکردن لەسەر کارەکان زۆرگرنگە لەشوێنی کارو ژیانی خۆتانەوە پەیوەندی بکەن بەحزب و ڕێکخراوە ئینسان دۆست و چەپ وکریکاری و پەنابەریەکان بۆ بەدەستهینانی پشتگیری لە مافەکانمان. هەروەها پەیوەندی کردن لەگەلٚ میدیا ودەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەتایبەت لەکاتیکدا کە بەرنامەیەکی دیاریکراومان لەدەستووركاردابیٚ زۆرگرنگە.بەمجۆرە دەبینین بە هەلٚپێکانی ئەم چەند هەنگاوە لەیەک جولانەیەکمان لەدەوروبەری خۆمان بەرپاکردوە، کە خۆپیشاندانەکانی فیدراسیون لە ووتانی سویسرا، ئەلمان، سوید، بەریتانیا.. نموونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە کارانەیەو بەرئەنجامی یەکگرتن و ڕیٚکخراوبوونمانە هەربۆیە دەبینین کە دەیان حزب وریٚکخراو لایەن داکۆکی لە مافەکانی پەنابەران دەکەن وچونەتە سەنگەری ڕاوەستانەوە پاشە کیشەکردن بە سیاسەتە دژی یەنابەریەکانی ئەم حکومەتانە. بەهیواین وەلامدانەوە بە پرسیارەکەتان سەرەتای دەست بەکاربوونی ئێوەو دەیان کەسانی تربێت بۆ بەشداریکردن لە خەباتی بزوتنەوەی پەنابەری و گۆرینی تراژیدیاکانی ژیانی ڕۆژانەمان بەشێوەیەک کە هەست بە بوونی ئینسانی خۆمان و ماف و ئازادیەکانمان بکەین .     ڕیبوار عارف 20.12.2007

---

**لەهەفتەی ڕابردودا سکرتاریەتی فیدراسیون دوو ڕاگەیاندنی لە پەیوەند تۆپ بارانکردنی حکومەتی تورکیاو پەسەندکردنی یاسای رۆژنامەگەری لەلایەن پەرلەمانی حکومەتی هەریمەوە .**

**سەرئەنجام حکومەتی تورکیا دەستی دایە ئۆپراسیونیکی فراوان و بۆردمان کردنی زیاتر لە 15 لادیٚ لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق کە بووەتە هۆی گیان لەدەست دانی چەند هاولاتیەك و زەرەو زیانکی زۆر بەخەلکی ئەم ناوچەیەو هاوکات سەدان خیزان ناچاربوون کە ناوچەکانی جیٚ بهیلین...!**

**لەم ڕۆژانەدا پەرلەمانی کوردستانی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەریی پەسەندکرد، ئەم یاسایە بەرادەیەك دژی ئازادیە ، شەپۆلیکی زۆر فراوان لە نارەزایەتی رۆژنامەنووسان وخەلکی ئازادیخوازی کوردستانی بەدوای خۆیداکیشا...شایەنی باسە کە ئەم یاسایە چەمکی( نەریتی گشتی وئاسایشی هەریم) کراوەتە گەورەترین هەرەشەی دژ بەهەرجۆرە جولانەوەیەکی ئازادی خوازانەی خەلکی کوردستان وئازادی بیرورادەربرین و بەیان ...!**

## دەتوانن پەیوەندی بکەن بەسکرتاریەتی فیدراسیۆنەوە

دەشتی جەمال d.jamal@ntlworl.com

جەمال کۆشش jamal-hasan@hotmail.com

بابان عسمان: badasoz74@hotmail.com

جاسم غفور jasm_rg@yahoo.couk

عمر ئەمین omaramin8@hotmail.com

ئاسۆ گۆران : asobalabarz116@hotmail.com

سۆزان حسین : irakco@hotmail.com

ڕێبوار عارف : fediraq@welho.com

“ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “

## ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت

IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com